

بیتکۆین چییە؟
چارەنووسی پارە بەرەو کوێ دەڕوات؟

فەرهەنگ، زانست و هونەر لە کوردستان:
ڤەژین و پاژین

لە حوسەینی کۆکەن تا
ئامێری بەردەهەڵکەن

# گۆڤاری زانستیی هۆژین HOJIN
SCIENCE MAGAZINE


گۆڤاری زانستیی هۆژین
ساڵی سێهەم، ژمارەی هەشتەم،
پاییز و زستانی ١٣٩٨ی کۆچیی هەتاوی
ژمارە زەنجیرەی پێوانەیی نیودەوڵەتی ISSN: 2645-5080
نرخ ٢٠٠٠٠ تمەن (٣٠٠٠دینار)
Hojin Science Magazine, No. 8, Fall and Winter 2019


## دوایین مەترسییەکانی سەر ژیانی مرۆڤ
لە ڕوانگەی زانست و فەلسەفەوە

## سیستەمی کارەبای هێزی وڵاتی ئۆستراڵیا
چۆن بەڕێوەدەچێت؟

## دنیای کوانتەم
وتووێژ لەگەڵ پڕۆفیسۆر کەریمی

گۆڤاری زانستیی هۆژین HOJIN
SCIENCE MAGAZINE

Hojin Science Magazine
Hojin Science Magazine, No. 8, Fall and Winter 2019

**Executive Manager:** Farough Ahmadi
**Chief Editor:** Aso Rahimzadegan

**Associate Editors:** Amir Parghazeh, Hawre Hosseini, Nasibeh Barani, Farough Ahmadi
**Editors:** Amir Parghazeh, Aran Emînî, Hawre Husseini
**Assistant Editor:** Ayub Mahmoudi
**Referees:** Ahvand Jalali (PhD, Electrical Engineer), Kamran Qaderi (PhD, Electrical Engineer), Amir Parghazeh (PhD, Mechanical Engineer), Hawre Hosseini (PhD Candidate, Computer Science), Kavosh Rostami (Msc, Mine Engineering), Masoud Sheikholeslami (Msc, Geology), Madeh Piryonesi (PhD, Civil Engineering), Naser Rasoulian (Msc, Psychology)

**Authors:** Ahvand Jalali, Zorar Ahmadi, Mohammad Moulod, Kamran Qaderi, Sarwar Muhammad, Adnan Naseri, Baset Azimi, Sarchia Khurshid, Madeh Piryonesi, Diary Aboubakr, Mahdi Sarbazi, Yaser Mohamadi, Masoud Sheikholeslami, Hevar Asi, Fattah Aminzadeh, Kavosh Rostami, Abdurahman Zamini, Ayoub Mahmoodi, Ajin Jalali

**Design:** Adib Bahari
**Arts Manager:** Reza Sori
**Audio:** Farshid Sigari
**Sales Manager:** Ayub Mahmoudi
**Public Outreach:** Rahmat Naderi
**Ad Manager:** Reza Sori
**General proof-reading:** Bakhtiar Karami, Diako Hoseini, Snour Haghnevis, Sohaib Shokri
**Email:** govar.hojan@gmail.com

HOJAN.ORG

گۆڤاری زانستیی
هۆژین HOJIN
SCIENCE MAGAZINE

گۆڤاری زانستیی هۆژین
مجلهٔ علمی هوژین
شماره ثبت وزارت ارشاد: ۷۸۳۸۸
گۆڤاری زانستیی هۆژین، ساڵی سێههم، ژمارەی هەشتەم، پاییز و زستانی ۱۳۹۸ی کۆچیی هەتاوی
دوفصلنامهٔ مجلهٔ علمی هوژین، سال سوم، شمارهٔ هشتم، پاییز و زمستان ۱۳۹۸ی هجری شمسی

بەرپرسی گشتی و خاوەن ئیمتیاز (مدیر مسئول و صاحب امتیاز): **فاڕووق ئەحمەدی**
سەرنووسەری سەرەکی (سردبیر): **ئاسۆ ڕەحیمزادەگان**

دەستەی سەرنووسەران: **ئەمیر پەرغازە، هاوڕێ حسەینی، نەسیبە بارانی، فاڕووق ئەحمەدی**
هەڵەگران: **ئەمیر پەرغازە، ئاران ئەمینی، هاوڕێ حسەینی**
یارمەتیدەری سەرنووسەر: **ئەیوب مەحموودی**
داوەرانی زانستی: **ئەهوەن جەلالی (دوکتۆرای ئەندازیاریی کارەبا)، کامران قادری (دوکتۆرای ئەندازیاریی کارەبا)، ئەمیر پەرغازە (دوکتۆرای ئەندازیاریی مکانیک)، هاوڕێ حسەینی (خوێندکاری دوکتۆرای ئایتی)، کاوش ڕۆستەمی (ماستەری ئەندازیاریی کانگەوانی)، مەسعوود شێخولئیسلامی (ماستەری زەویناسی)، سەید مادێح پیریۆنسی (دوکتۆرای ئەندازیاریی شارستانی)، ناسرڕەسووڵیان (ماستەری دەروونناسی)**

نووسەرانی ئەم ژمارەیە: **ئەهوەن جەلالی، زۆرار ئەحمەدی، محەممەد مەولوود، کامران قادری، سەروەر محەممەد، عەدنان ناسری، باست عەزیمی، سەرچیا خورشید، سەید مادێح پیریۆنسی، دیاری ئەبووبەکر، مەهدی سەربازی، یاسر محەممەدی، مەسعوود شێخولئیسلامی، هێڤار عاسی، فەتتاح ئەمینزادە، کاوش ڕۆستەمی، عەبدوڕەحمان زەمینی، ئەیوب مەحموودی، ئەژین جەلالی**

سەرپەرشتیاری هونەری: **ڕەزا سووری**
ڕازاندنەوەی لاپەڕە و گرافیست: **ئەدیب بەهاری**
ئێدیتی دەنگ: **فەرشید سیگاری**
چاپخانە: **چاپی عارف، تەورێز**
پێداچوونەوەی گشتی: **سنوور حەقنووس، بەختیار کەرەمی، دیاکۆ حسەینی، سوهەیب شوکری.**
بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان: **ڕەحمەت نادری ۰۰۹۸۹۳۵۴۱۶۰۷۴۴**
بەرپرسی بڵاوکردنەوە و فرۆش : **ئەیوب مەحموودی - ۰۰۹۸۹۱۸۹۸۶۴۹۳۵**
بەرپرسی بانگەشە و تەبلیغات: **ڕەزا سووری - ۰۰۹۸۹۱۹۷۱۳۶۳۱۱**
ئیمەیل: **Govar.Hojan@gmail.com**


داخوازیی نووسراوە: **داوا لە هەموو توێژەران، خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ دەکەین لە ڕێگەی ناونیشانی govar.hojan@gmail.com وتارەکانیان بەرێ بکەن بۆمان.**

ژمارە حسابی گۆڤار بۆ وەرگرتنی ئابوونە و یارمەتی:
۰۱۱۰۸۱۷۸۲۹۰۰۸ (بانک ملی) بە ناوی "فاروق احمدی"
ژمارەی کارتی بانکی: ۶۰۳۷۷۹۹۷۲۵۱۷۱۷۴۹۳

گۆڤاری زانستی
HOJIN هۆژین
SCIENCE MAGAZINE

# پێڕست










٦ سەر وتار
ئاسۆ ڕەحیمزادەگان

٩ وتووێژ لەگەڵ پرۆفیسۆر ئیبراهیم کەریمی
**وتووێژ**
زۆرار ئەحمەدی

١٨ بارودۆخی ویکیپیدیا کوردییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنیان
**کوردی لە ئاوێنەی زانست و تەکنۆلۆژیدا**
سەرچیا خورشید

٢٢ چەمکی لەرینەوە (Vibration) لە ئەندازیاریی مکانیکدا
**لە هەر زانستێک چەمکێک**
یاسر محەمەدی

٢٤ کتێبی جینی خۆویست
**ناساندنی کتێب**
دیاری ئەبووبەکر

٢٨ چی دەبوو ئەگەر تەواوی بیابانمان بە پانێلی هەتاوی داپۆشیبایە؟
**بنکەی هەواڵ**
عەبدوڕەحمان زەمینی

٣٠ وێنەگرتن لە جوانییەکانی قووڵایی ئاسمان
**ئاسمان**
محەممەد مەولوود

٣٩ ڕوانگەی یوڤاڵ نوح حەراری
**ناساندنی کەسایەتی**
سەروەر محەممەد

٤٩ زەویی خنکاو: گەرمبوونی زەوی و کاردانەوەی گازە گوڵخانەییەکان
**ژینگە و ژیان**
فاڕووق ئەحمەدی

٥٨ کەس هەیە نەیهەوێت لەشێکی ماسولکەیی هەبێت؟!
**ژیان و تەندروستی**
هێڤار عاسی

٦٠ بیتکۆین و ڕەمزپارە چین؟
**ئابووری و گەشە**
پژواک کەوکەبیان

٦٧ ناوەندی فەرهەنگی-هونەریی ڤەژین
**فەرهەنگ و زانست و هونەر لە کوردستاندا**
عەدنان ناسری



لێکۆڵینەوەیەکی گشتی بەرەنگارییەکانی بەڕێوەبەریی تۆڕی هێزی کارەبای وڵاتی ئوستراڵیا ٧٢
ولاتە پێشکەوتووەکان و ڕێنوێنیی گەشە
ئەهوەن جەلالی



ڕاست یان درۆ: ئایا ڕۆژگار هەر بەرەو درێژبوون دەڕوات؟ ٨٢
مالمان زەوی
مەسعوود شێخولئیسلامی



گۆڕانی ئاووهەوا چ کاریگەرییەکی لەسەر ژێرخانەکان دەبێت؟ ٨٤
ژینگە و ژیان
سەید مادیح پیریونسی



ترس لە "خۆدەربڕین" ٨٨
دەروونی مرۆڤ
باست عەزیمی

کورتەیەک لە مێژووی ئەنجومەنی پاژین ٩٢
فەرهەنگ و زانست و هونەر لە کوردستاندا
فەتتاح ئەمینزادە




دوایین مەترسییەکانی سەر ژیانی مرۆڤ ٩٤
ژینگە و ژیان
فاڕووق ئەحمەدی



پێتان وایە تەکنۆلۆژیی داهاتوو چی دەبێت؟! ٩٩
زانست و تەکنولۆژیا لە چاویلکەی مێژوودا
کامران قادری




نیشانەی ڤایرۆسی نوێی کرۆنا چییە و چەندە مەرگهێنەرە؟ ١٠٤
پزیشکی
ئەژین جەلالی



چەند ئەفسانەیەک سەبارەت بە ئەرمامێرە سەرچاوەکراوەکان ١٠٥
زانیاری
مەهدی سەربازی



لە حوسەینی کۆکەن تا ئامێری بەرد هەڵکەن ١٠٨
زانست و تەکنۆلوژیا لە چاویلکەی مێژوودا
کاوەش ڕۆستەمی



براوەی خەڵاتەکانی نۆبڵی ساڵی ٢٠١٩ باشتر بناسە ١١٥
لە نۆبڵ چ خەبەر؟
ئەیوب مەحموودی



دەنگی خوێنەر ١١٨



# ١٠ ساڵ تێپەڕیوە لەو ڕۆژە مێژووییەی کە بڕیارمان دا گۆڤارێکی زانستیی کوردی بدەینە دەر.

**بۆ ئێمە، گۆڤارێکی کوردیی زانستی هاوکات چەند ئامانجی دەپێکا:**

١) زانست و فکری زانستی لە کۆمەڵگای کوردستان بەرەوپێش ببات.

٢) زمانی کوردی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا جێگیر بکات بە هێژمۆنیی زانستەوە.

٣) کۆمەڵێک توێژەر و پسپۆڕ لە دەوری یەک کۆ بکەینەوە بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی هاوبەش کە لە خزمەت گەشە و ئاوەدانیی کوردستاندا بێت.

دە ساڵ لەمەوبەر تاقمێکی کەم بووین بە ئاواتێکی گەورەوە، بەڵام ئێستا کۆمەڵێکی گەورە لە هۆگرانی زمانی کوردی و پسپۆڕانی زانستیمان لەگەڵە کە بە دڵنیاییەوە دەتوانن سەرمایەیەکی بە نرخ پێک بێنن بۆ زمانی کوردی. لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا، هەوراز و نشێوی زۆرمان دیتووە، ئەزموون و خەتای زۆرمان کردووە، بەڵام توانیومانە کێشە سەرەکییەکان چارەسەر بکەین و تا ڕادەیەکی زۆر بە سەقامگیرییەک بگەین کە بتوانین بەردەوام بین لە کارەکانی هۆژیندا. سەقامگیری ئەم هەلە بۆ ئێمە دەرەخسێنێت کە دەست بە چاکسازی بکەین، گۆڕانکاری بکەین و ڕۆژبەڕۆژ لە ئەزموونەکان کەڵک وەربگرین و باشتر بین و لە ئامانجەکان نزیکتر ببینەوە. بەدڵنیاییەوە لەم قۆناغە ئەستەمەدا، تەنیا و تەنیا خوێنەران و هۆگرانی فکری زانستی دەتوانن یارمەتیدەر بن. ئەویش نەک تەنیا بە خوێندنی ناچالاکانەی گۆڤار، بەڵکوو بە ڕەخنە و پێشنیاری بەردەوام بۆ نووسراوەکان، نووسەران و بەرپرسانی گۆڤارەوە. بۆیە داواکارین چالاکانە لەگەڵ گۆڤار و بەرپرسانی لە پەیوەندیدا بن.

## لەم ژمارە نوێیەدا چ بابەتگەلێک دەخوێنینەوە؟

هەوڵ دراوە کە لە جیاتی نووسین لە نووسەران، داوای نووسراوە بکەین. پرسیارەکانی ڕۆژەڤی کۆمەڵگا چین؟ باسە گەرم وگوڕەکانی دنیای زانست چین؟ کاریگەریی ئێمە لەکوێدا دەبێت؟ هەر بۆیە هەوڵ دەدەین لەم ژمارەوە بڕۆین بەشوێن ئەو بابەتانەی کە سەرنجراکێشتر و لەپەنایدا کاریگەرترن لەسەر کۆمەڵگا.

لەم ژمارەدا وتووێژێکی تایبەتمان هەیە لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم کەریمی، پرۆفیسۆری بەناوبانگی کوانتەمی لە زانکۆی ئۆتاوای کانادا. وتووێژێکی چڕ و پڕمان هەیە لەگەڵی لەسەر ژیانی تاکەکەسی و پیشەیی ئەو بیرمەندە کوردە. کوانتەم باسێکی بەڕۆژە. لێمان پرسیوە کە کوانتەم چییە و بە چ کەڵکێک دێت؟

لەم ژمارەدا ئەم پرسیارانە وڵام دەدەینەوە. بیتکۆین چییە و ڕەمزپارە لەکوێوە هاتووە؟ گۆڕانی کەشوهەوا و گەرمبوونی زەوی بەرەوە کوێمان دەبات؟ یوڤال هەراری کێیە و بۆچی بیرمەندێکی بەناوبانگە؟ مێژووی مرۆڤ چۆن دەگێڕێتەوە؟ داهاتووی مرۆڤ چۆن دەبینێت؟ جینی مرۆڤ بۆ خۆویستە؟ لە جوانییەکانی قووڵایی ئاسمان چۆن وێنە دەگرین؟ نەرمامێری سەرچاوەکراوە چییە؟ چۆن لەشێکی ماسوولکەییمان هەبێت؟ چۆن لەژێر زەوی کەڵک وەربگرین؟ و دەیان پرسیاری گرینگ و سەرنجڕاکێشی تر. هیوادارم خوێنەرمان بن و ئێوەش چێژ لە وڵامی ئەم پرسیارانە وەرگرن.

لە دنیای فەرهەنگدا، ئەم ژمارەیە چاوێکمان خشاندووە بەسەر کار و چالاکییەکانی دوو ڕێکخراوەی فەرهەنگیی کوردستان: پاژین و ڤەژین! هەروەها گەشتێکمان هەبووە بۆ سەر بارودۆخی ویکیپیدیای کوردی.

هاوڕێمان بن.

## لەم ژمارەدا چ نوێکارییەکمان هەبووە:

١) بەرەو ژیرکردنی گۆڤار: قۆناغی یەک: بەدەنگیکردنی گۆڤار.

مزگێنییەکی تایبەت بۆ خوێنەرانمان کە لەم ژمارەیەدا هەمانە، بەدەنگیکردنی گۆڤارە. لەمەوبەدوا، دەتوانن لە پەنا خوێندنەوەی بابەتەکانی گۆڤار، گوێ ڕابگرن بۆ خوێندنەوەی نووسراوەکان. لەسەرەتای هەموو نووسراوەیەک کۆدێک هەیە، کە بە سکەنکردنەکەی دەتانباتە بەستەرێک (واتە لینکێک) کە دەنگی نووسراوەکەی تێدایە. هیوادارم ئەم شێوازە نوێیەتان بەدڵ بێت و ئێمەش بەردەوام بین.

٢) داواکاریی لە خوێنەرانی دەرەوەی دەستەی نووسەرانی هۆژین بۆ خوێندنەوەی وتارەکان بەر لە چاپ.

زۆرجار ئەو نووسراوانەی کە دەگاتە دەست گۆڤاری زانستیی هۆژین، تەنیا لەلایەن پسپۆڕانی هۆژین دەخوێندرێنەوە. لە حاڵێکدا ئێمە نووسراوەکانمان بۆ کۆمەڵگایەکی گشتی دەنووسین و دەبێت کەسێک کە هیچ پسپۆڕییەکی نییە لە باسەکە بە باشی تێی بگات و چێژی لێوەرگرێت. بۆیە لەم ژمارەوە بڕیارمان دا کە نووسراوەکان بەرلە چاپ، بدەین بە چەند کەسی دەرەوەی بازنەی نووسەرانی هۆژین کە نووسراوەکان بخوێننەوە و لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە ڕەخنە و پێشنیار ئاراستەی نووسەر بکەن. ئێمە هێشتا تا پەروەردەی نووسەری بەتوانا ڕێگایەکی دوورودرێژمان هەیە و لەم ڕێگایەدا ئەوە ڕەخنە و پێشنیاری خوێنەرانە کە یارمەتیدەر دەبێت.

٣) گۆڕانکاریی شێوازی هەڵەگریی تیمی

لەم ژمارەوە بڕیارمان دا کە شێوازی پێداچوونەوەی دەق گۆڕانکارییەکی بناخەیی بەسەردا بێنین و بەڕۆژتری بکەینەوە. هەر نووسراوەیەک کە لەلایەن نووسەرانەوە دەنێردرێت، پێویستە لەلایەن چەند کەسەوە پێداچوونەوەی زانستی، زمانی، ڕێنووسی، چوارچێوەیی و هونەری بەسەردا بکرێت. هاتوچۆکردنی فایلی نووسراوەکان لەلایەن ئەو چەندین کەسەوە، هەموو جارێک تووشی کێشەی دەکردین. لەم ژمارەوە بڕیارمان دا کە لە گووگڵداک کەڵک وەربگرین کە پلاتفۆرمێکی پێک هێناوە کە کاری تیمی لەسەر دەق بەشێوەی هاوکات بەڕێوە ببات. بەم شێوازە و بە شێوەی هاوکات، چەندین کەس دەتوانن لەسەر یەک دەق کار بکەن و ئەمەش کاتێکی زۆر دەگەڕێنێتەوە بۆمان. هەڵبەت وەک هەموو چاکسازییەک، ئەم کارەش لەسەرەتادا بڕێک دژبەری دەبێت، بەڵام هیوادارم لە داهاتوودا ئەم شێوازە هەڵەگرییە تیمییە لە گۆڤاری زانستیی هۆژیندا جێ بکەوێت.

## کێشەکانی بەردەممان چین:

١) خوێنەریی ڕاستەقینەی زانست

هەر لە دەستپێکی گۆڤاری زانستیی هۆژینەوە تا ئەم ساتە، زۆر لایەنگر و پشتیوانمان هەبووە. ئەم پشتیوانییە هەمیشە چەند لایەنەیە. هەندێک کەس چێژ لە خوێندنەوەی زانست وەردەگرن هەندێک چێژ لە خوێندنەوەی کوردی وەردەگرن و زۆر کەسیش پشتیوانمان بوون لەبەر ئەوەی کە گۆڤارێکی کوردی بکەوێتە سەر پێ و تەنانەت تەنیا بە مەبەستی پشتیوانیکردن گۆڤاریان دەکڕی و لەسەر دەلاقەیان دادەنا و نەیاندەخوێندەوە. پشتیوانی هەموو ئەو چین و توێژانە زۆر گرینگ و زۆر پێویستە، بەڵام دەبێت هەمووەدەم ئەوە لەبەر چاو بگرین کە لە درێژماوەدا گۆڤاری زانستی هۆژین، پێویستی بە "خوێنەر" و تەنیا و تەنیا هەبوونی بەردەوامی خوێنەرە کە مانەوەی گۆڤار مسۆگەر دەکات. دەستەبەرکردنی خوێنەر بۆ گۆڤارێکی زانستی ئەویش بە زمانی کوردی لە کۆمەڵگایەکدا کەبەهۆی کێشەی ئابووری و سیاسی لە زانستەوە دوور کەوتووەتەوە و هەروەها بەهۆی نەبوونی پەروەردە بە کوردی لە قوتابخانەکان لە زمانی کوردی دوور کەوتووەتەوە کارێکی ئەستەمە. ئێمە لە بازاڕێکدا خەریکی گەمەین کە پێداویستییەکی قووڵ بوونی نییە و کاری سەرەکیمان دەستەبەرکردنی پێداویستییە. ئایا دەتوانین کۆمەڵگا قانع بکەین کە پێداویستییەک بە ناوی گۆڤارێکی زانستیی کوردی بوونی هەیە؟

### ٢) نووسەر و زمانی نووسراوەکان

زۆر کەس گلەیی هەیە کە زمانی نووسراوەکان ئەستەمە. هۆکارەکەی دوو بەشە: ١) یەکەم، ئەوەی کە نووسەران هێشتا ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی زانستیان نییە. لە ڕۆژنامەگەریی زانستیدا، پسپۆڕ دەبێت زانست بە زمانی کۆمەڵگا بڵێتەوە، ئەمەش هونەرێکی ڕۆژنامەوانییە کە پێویستی بە ئەزموونی زۆرە. ٢) دووهەم، ئەو وشە کوردیانە و زمانێکە کە بەکار دەڕوات. لەم بوارەدا هێشتا کەموکوڕی زۆرن. لە گۆڤاری زانستیی هۆژیندا هەوڵمان ئەوەیە کە لە زمانێکی ستاندارد کەڵک وەربگرین، بەجۆرێک کە هەموو سۆرانییەک لێی تێبگات. هەر ئەمەش بۆخۆی کێشەیەکی گەورەیە. زۆر پێکهاتە هەیە کە لەوانەیە لە سنە باو بێت بەڵام لە هەولێر تێی نەگەن. زۆر وشە هەیە کە لە باشوور جێ کەوتووە و لە ڕۆژهەڵات کەس تێی ناگات. ئەمانە هەمووی کێشەگەلێکن کە دەبێت ڕۆژ بە دوای ڕۆژ چاکسازیان تێدا بکەین. کلیلی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی ئێوە لەگەڵ گۆڤار.

لەکۆتاییدا، سپاسی تایبەتی ئەندامانی ڕێکخراوەی زانستی-فەرهەنگیی هۆژان دەکەین کە لە ڕێگەی یارمەتیی ئابوورییەوە، ئالیکاری بەردەوامبوونی ئەم گۆڤارە دەکەن. سپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەش دەکەین کە یارمەتیدەری ئێمە بوون لە ناساندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هۆژین. هەروەها سپاسێکی تایبەتیش بۆ خوێنەرانمان کە هاوڕێی ڕاستەقینەی گۆڤارن، ئێمە لە ڕەخنەکانتان بێ بەش مەکەن.

لەگەڵ گۆڤاردا لە پێوەندیدا بن. هەر ئێستا هەر ڕەخنە یان پێشنیارێکتان هەیە بۆمان بنێرن:
govar.hojan@gmail.com
ڕێگەیەکی سادەتریش ئەوەیە کە بچیتە سەر ئەم ماڵپەڕە و هەر ئێستا تێبینیی خۆت بنووسیت لەسەر گووگڵداکی ئەم سەروتارە:
http://tiny.cc/Hojin٨

بەسپاسەوە
ئاسۆ ڕەحیمزادەگان
خوێندکاریی دوکتورای ئۆپتیک و فۆتۆنیک، ئەنستیتووی تەکنۆلۆژیی کارلسروهە، ئاڵمان
سەرنووسەری سەرەکیی گۆڤاری زانستیی هۆژین





**زۆرار ئەحمەدی**
خوێندکاری دوکتۆرای فیزیکی تیۆری
زانکۆی شەهید مەدەنی ئازەربایجان، تەوریز

**Zorar Ahmadi**
PhD Candidate of Theoretical Physics of
Azarbaijan Shahid Madani University, Tabriz
zorarahmadi@gmail.com

تێپەڕوشە:
h80@EK0814



# وتووێژ لەگەڵ پرۆفیسۆر ئیبراهیم کەریمی

## مامۆستای فیزیکی کوانتەمی و براوەی چەندین خەڵاتی گرینگ لە گۆڕەپانی زانستی جیهانیدا

**پوختە: پرۆفیسۆر ئیبراهیم کەریمی، دوکتۆرای فیزیک و مامۆستای زانکۆی ئۆتاوای کانادایە و لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی گرووپێکی لێکۆڵینەوە دەکات هەر لەم زانکۆیەدا. تاکوو ئێستا بۆ ڕێزلێنان لە دەسکەوتەکانی لە بواری فیزیکی کوانتەمی و فیزیکی ڕووناکی، چەند خەڵاتی گرینگی جیهانی پێ بەخشراوە. لەم وتووێژەدا هەوڵ دراوە پرۆفیسۆر کەریمی وەک زانایەکی بەناوبانگی بواری فیزیکی کوانتەم، زیاتر بە کۆمەڵگای کوردی بناسێنین.**

Ebrahim Karimi, Canada Research Chair - University of Ottawa, ekarimi@uOttawa.ca

**وشەگەلی سەرەکی: پرۆفیسۆر ئیبراهیم کەریمی، فیزیکی کوانتەم، وتووێژ.**

پێش هەموو شتێک لە لایەن خۆم و هەموو ئەندامان و خوێنەرانی گۆڤاری هۆزین ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ بەڕێزتان و زۆر سپاسی بەشداریتان دەکەم لەو وتووێژەدا.

**١. بەڕێز پرۆفیسۆر کەریمی، تکایە خۆتان زیاتر بناسێنن. لە کوێ لە دایک بوون؟ لە ناو چلۆن بنەماڵەیەکدا گەورە بوون؟ خوێندنی قوتابخانەتان لە کوێ تەواو کردووە؟**

بەر لە هەر شتێک سپاس بۆ ئێوە و ڕێکخراوەکەتان بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ من. زۆر خۆشحاڵم لەگەڵ ئێوە کە کەسێکن کە فیزیکتان خوێندووە و کوردن قسە دەکەم. ناوم برایمی کەریمییە. لە ساڵی ١٣٥٧ی کۆچی هەتاوی (واتە ١٩٧٨ی زایینی) لە سەقز هاتوومەتە دنیاوە. دایکم لە بنەماڵەی قوبادییەکانی سەقزە کە ئەگەڕێنەوە بۆ شێخەکانی کانی کەوە و لەلایەن باوکمەوە ئەگەڕێینەوە بۆ کەڵهوڕەکانی کرماشان. قۆناغی سەرەتایی(ئیبتدایی)، ناوەندی(ڕاهنومایی) و دواناوەندی(دەبیرستان)م بەڕێز لە قوتابخانەکانی وەحدەت و تەربیەت و ئیقباڵی لاهووریی سەقز تەواو کردووە. تا ساڵی ١٣٧٦ لە سەقز بووم، ئەو کات لە ئۆلەمپیادەکانی بیرکاری(ڕیازی) و فیزیکدا بەشداریم دەکرد؛ هەر چەند لە فیزیکدا زۆر باش نەبووم بەڵام بیرکارییەکەم زۆر باشتر بوو. چەند جاریش پێش هاتبوو کە لە کاتی قوتابیبوونمدا دەچوومە کۆنفرانسی فیزیک. سێ دانە بوون کە یەکەمی لە ورمێ، دووهەم لە مەشهەد و سێهەمیان لە ئیسفەهان بوو. هەروەها لە جەشنوارەی خارەزمیدا لەگەڵ هەندێک لە هاوپۆلەکان وەکوو هیوا ئەحمەدی و ئازاد تەرغیبی و سامان قەمەری و بێهنام مەحموودی چەند ئامێرێک وەکوو ئۆسیلۆسکۆپی ڕووناکیمان ساز کرد (ئەو کاتیش لەسەر ڕووناکی کارمان دەکرد) کە لە ئاستی پارێزگادا یەکەم و لە ئاستی وڵاتدا یەکێک لە ٦ باشترین داهێنانەکان بوو.

**٢. لە کام زانکۆ و لە چ بوارێکدا خوێندنی ئاکادیمیتان دەست پێ کرد و چۆن بوو بڕیارتان دا کە بچن بۆ وڵاتێکی تر بۆ درێژەدان بە خوێندن؟ سەختییەکانی ڕێگا چۆن بوون؟**

لە دەورەی کارناسیدا دەمهەویست بیرکاری یان فیزیک بخوێنم، بەڵام لە زانکۆی پیشەسازیی شەریف هیچ کام لەو



**سەرچیا خورشید**
بەکەلۆریۆس لە ئەندازیاریی شارستانی و بەڕێوەبەر لە ویکیپیدیای کوردیی ناوەندی (سۆرانی)

**Fatah AminzadehSarchia Khursheed**
Bachelor's degree in Civil Engineering and Admin at Central Kurdish Wikipedia
sarchiabanokay@gmail.com

تێپەڕوشە:
h08@SK0828



# ویکیپیدیا

## ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

## بارودۆخی ویکیپیدیا کوردییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنیان

**پوختە:** ویکیپیدیا چییە؟ ویکیپیدیا کوردییەکان لە چ ئاستێکن و ئاستەنگەکانی بەردەمیان چین؟ ئەم وتارە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە بەکەڵکوەرگرتن لە داتای ویکیپیدیا کوردییەکان. هەروەها پێشنیازی چەند ڕێگەیەک دەکات بۆ زیاتر خزمەتکردنیان.

**وشە سەرەکییەکان:** ویکیپیدیا، ویکیپیدیای کوردی، ئینسایکلۆپیدیا[1]، زمانی کوردی

[1] Encyclopedia دانشنامە

# کتێبی جینی خۆویست



دیاری ئەبووبەکر شەفیق
خوێندکاری پزیشکی
زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی پزیشکی

**Dyari Abubakr Shafiq**
Medical student
at UoS college of medicine
Diarabsh31@gmail.com

تێپەڕوشە:
h08@DA0809



پوختە: لەم وتارەدا هەوڵی ئەوە دەدەین یەکێك لە پڕچاپترین پەرتووکەکانی جیهانتان پێبناسێنین. ئەو پەرتووکەش لەژێر ناوی (جینی خۆویست) کە لە لایەن پرۆفیسۆر و زانای زیندەوەرزانی ڕیچارددۆوکنزەوەلەساڵانی ١٩٧٠ دانووسراوەتەوە. پەرتووکەکە کۆمەڵێك کەلێن و هەڵەکانی بیردۆزی پەرەسەندن ڕاست دەکاتەوە و بە تێڕوانینێکی نوێ و گونجاوترە وە لە ڕەفتاری ئاژەڵان دەکۆڵێتەوە. بیردۆزیی جینی خۆویست باسی ئەوە دەکات کە ناوەند و مەبەستی پەرەسەندن بریتیە لە گواستنەوەی جینەکان و پارێزگاری کردن لێیان.

وشەگەلی سەرەکی: زیندەوەرزانی، پەرەسەندن، جین، ریچارد دۆوکنز، داروین




**عەبدوڕەحمان زەمینی**
خوێندکاری لیسانس
بەشی پزیشکیی ددان لە زانکۆی پزیشکیی هەولێر

**Abdulrahman Abubakr Amin**
Student at Hawler Medical University
College of Dentistry
abdurrahman.zamini@gmail.com

تێپەڕوشە:
h08@AZ0810

# چی دەبوو ئەگەر تەواوی بیابانمان بە پانێلی هەتاوی داپۆشیبایە؟





# وێنەگرتن لە جوانییەکانی قووڵایی ئاسمان




تێپەڕوشە:
h08@MM0824

**محەمەد مەولوود**
خوێندکاری دوکتورای ئەندازیاریی مکانیک

**Mohammad Moulod**
PhD student of Mechanical engineering
Department of Mechanical and Aerospace Engineering
University of Florida, Gainesville, FL, USA
mohammad.moulod@gmail.com